# بۆچی بوونە سەرۆك كۆماری ژنێك لە ئێران گرنگە؟

لەگەڵ تێپەڕینی 37 ساڵ بەسەر پەسەندکردنی دەستور و جارێک گۆڕینی و بەڕێوەچوونی یانزە خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار، هێشتا وەڵامێکی روون بۆ سەرۆک کۆماری ژنان نییە. بۆچی ئەم پرسیارە گرنگ و ژیارییە؟

لەم هەڵبژاردنانەشدا هیچ ژنێک خۆی کاندید نەکرد، ئایا بێ مەیلی ژنان بۆ بوونە کاندید تەنیا هۆکاری ناڕوونیی شیکاری مادەی 115ی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە دەڵێت پێویستە سەرۆک کۆمار لە ناو پیاوە سیاسییەکان هەڵبژێردرێت، یان هۆکارێکی ترە؟

ماڵپەری دۆچە ڤێلا

FOCUS

ئایا ژنانی ئێران ئەزموون و توانای چوونە ناو بواری بەڕێوەبردنی وەک سەرۆکایەتی کۆماریان هەیە و ئەم کارە بۆ ژنانی ئێران لەپێشینەیە؟ بۆچی شیکاری مادەی 115ی دەستور بۆ ژنە چالاکوانەکانی بواری مافی ژنان گرنگە؟ ئایا لە بنەڕەتدا بوونە سەرۆک کۆماری ژنێک دەتوانێت گرێیەکی گرفتەکانی ژنانی ئێران بکاتەوە؟

ساڵی 2006 لە سەروبەندی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریدا گروپێک لە چالاکوانە ژنەکان، پارێزەران، توێژەر و نوسەران لە گروپە جیاجیاکان، سیکۆلار تا نەتەوەیی – مەزهەبی لە رەخنەیاندا بەرامبەر ناڕوونی مادەی 115 دەستور لەبەردەم نوسینگەی سەرۆک کۆمار کۆبوونەوە.

ئەو نوسینگەیە لەو رۆژانەدا شوێنی کاری محەمەد خاتەمی بوو، ئەو ژنانە چاوەڕوانبوون سەرۆکی دەوڵەتی ریفۆرمخوازان وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە، بەڵام وەڵامی پرسیارەکەیان دەستنەکەوت، لە جیاتی ئەوە (غوڵام حسێن ئیلهام) وتەبێژی ئەو کاتەی ئەنجومەنی پاراستن رایگەیاند «بەپێی دەقی دەستور پیاو بوون مەرجی کاندید بوونە بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری.»

(مەحبوبە عەباس قولیزادە) لەو ژنانە بوو، کە لەبەردەم نوسینگەی سەرۆک کۆمار کۆببوونەوە، بە بۆچوونی ئەم ژنە گرنگترین دەستکەوتی ئەم کۆبوونەوەیە راکێشانی سەرنجی رای گشتی و راگەیاندنەکانە بۆ بابەتی پیاوی سیاسی و خواستی ژنان بۆ کاندیدبوون بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری بوو.

ئەم توێژەرەی مافی ژنان بە ماڵپەڕی (DW)ی ئەڵمانیی راگەیاندووە، کە خواستەی ژنان بۆ روونکردنەوەی مادەی 115ی دەستور لە راستیدا خواستی گۆڕان و هەمواركردنەوەی دەستورە و لەم روانگەیەوەیە کە گرنگە.

(مەحبوبە) لە وەڵامی ئەو کەسانەی پێیانوایە بوونە سەرۆک کۆماری ژنێک لە فەزای ئێستای کۆمەڵگەی ئێراندا ناتوانێت رێگە لەبەردەم بابەتی ژناندا هەموار بکات، وتویەتی «کاندید بوونی ژنان بۆ سەرۆکایەتی کۆمار لەوانەیە نەتوانێت دیموکراسی بۆ کۆمەڵگە دابین بکات، بەڵام کۆمەڵگەی ئێران ئازادتر دەکات و بەرەو دیموکراسی رێنوێنی دەکات.

ئێمە ناتوانین بڵێین لەبەرئەوەی ژێرخانی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا نییە، کەواتە دەبێت خواستەی ژنان دوابخرێت». ناوبراو گوتویەتی ستراتیژی ژنان لەسەر بنەمای پرۆسەیەکە، واتا ئەم پرۆسەیە خواستێکە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی دامەزراوە مەدەنییەکان ئازادانە رای خۆیان دەربڕن و بەمشێوەیە فەزای کۆمەڵگە زیاتر بکەنەوە «لە راستیدا بۆ رەخساندنی پرۆسەی بەشداریی کۆمەڵایەتی پێویستە ئامانجێکت هەبێت و ئەم ئامانجە لێرەدا ئەوەیە، کە هیچ رێگرێک لەبەردەم بەشداریی سیاسیی ژنان نابێت بوونی هەبێت».

بێجگە لەوە (مەحبوبە) پێیوایە مافی بوونە کاندیدی ژنان بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار مافی هاوڵاتیانە، کە ژنان و پیاوان پێویستە بە شێوەیەکی یەکسان لێی بەهرەمەند بن، ئایا سودی لێوەردەگرن، یان نەخێر، یان سودی خراپی لێوەردەگرن، راست وەک زۆرێک لەو پیاوانەی سودیان لەم مافە وەرگرت

**وەک زۆرێک لەو پیاوانەی سودیان لەم مافە وەرگرت و بوونە سەرۆک کۆمار، بەڵام ئێرانیان بەرەو روخان برد، لەبەرئەوە نابێت چاوەڕوان بکرێت، کە بە وەرگرتنی ئەو مافە یەکسەر ژنێک ببێتە سەرۆک کۆمار و ئەرکەکانی بە باشی ئەنجام بدات.**

و بوونە سەرۆک کۆمار، بەڵام ئێرانیان بەرەو روخان برد، لەبەرئەوە نابێت چاوەڕوان بکرێت، کە بە وەرگرتنی ئەو مافە یەکسەر ژنێک ببێتە سەرۆک کۆمار و ئەرکەکانی بە باشی ئەنجام بدات.

## • ئایا کۆمەڵگەی ئێران ئامادەیی بۆ سەرۆك کۆمارێکی ژن هەیە؟

گریمان ئەنجومەنی پاراستن پیاوی سیاسی کە لە دەستوری ئێراندایە روونیکردەوە، ئایا دەتوانرێت بۆ وڵاتێکی وەک ئێران سەرۆک کۆمارێکی ژن وێنا بکرێت؟

ناو تۆمارکردنی (ئەعزەم تالەقانی) و ژنانی تری ناسراو بۆ کاندیدی بوون بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری تا ئێستا نەیتوانیوە ئەنجومەنی پاراستن رازی بکات بۆ ئەوەی «پیاوی سیاسی» کە لە دەستوردا باسکراوە روونبکاتەوە. لەوانەیە سەرسەختی و بەرگریی ژنان بۆ ناو تۆمارکردن لە سەرجەم خولەکاندا پێویستی بە فشاری کۆمەڵگەش هەبێت بۆ ئەوەی بەرپرسانی حکومەت ناچار بە گۆڕینی یاساکە بکات، بەڵام لە بنچینەدا ئەم خواستە، خواستی کۆمەڵگەشە؟

لێرەدا دوو پرسیار دێتەپێش، یەکەم، بە تێپەڕین لە لەمپەرە یاساییەکان و بە گریمانەی ئەوەی هیچ گرفتێکی یاسایی لەبەردەم بوونە سەرۆک کۆماری ژنان لە ئێران بوونی نییە، ئایا ژنێک دەتوانێت لەو وڵاتە ببێتە سەرۆک کۆمار؟ دووەم، ئایا سەرۆک کۆماری ژنێک لە ئێران دەتوانێت گرفتی ژنان چارەسەر بکات؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا کە ماڵپەڕی (DW)ی ئەڵمانی لەسەر ماڵپەڕەکەی ئەنجامی داوە زۆرێک لەوانەی پێیانوایە سەرۆک کۆماری ژنێک لە ئێران ئەستەمە و ئەگەر بیشبێت سودێکی بۆ ژنان نابێت، ئیسلامی بوونی یاساکانی ئێران بە هۆکار دەزانن.

یەکێک لەوانەی بەشداری ڕاپرسییەکەی کردووە، بە ناوی (موکری) نوسیویەتی «ئەگەر پەسەندی بکەین، کە لە کۆمەڵگە هاوشێوەکانی ئێراندا مەزهەب تا ئێستا فۆڕم بە کولتوری کۆمەڵایەتی و سیاسی هاوڵاتیان دەبەخشێت، دەتوانرێت بە ئاسانی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە. لە کولتوری ئاییندا، کە تێیدا بە روونی باس لە لاوازیی عەقڵی ژنان کراوە و نایەکسانی لەنێوان ژن و پیاو لەبەرچاوگیراوە، سروشتییە رای گشتی سەرۆک کۆمارێکی ژن رەتبکاتەوە. لە کولتوری سەرچاوەگرتوو لە ئایینەوە، کە تێیدا ناکۆکییەکانی نێوان ژن و پیاو رێگەی چارەی کۆتایی لێدانی ژنە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە، بێ زیادەڕۆیی ناتوانرێت ئومێدێک بە یەکسانی ژن و پیاو لە تێگەیشتنی رای گشتیدا هەبێت».

هەروەها زیاتر ئاماژەی بە ئەوە کـردووە، کە جیاوازی و نایەکسانییەکان بە تێپەڕینی کات ژنانی لە چالاکییەکانی بەڕێوەبردن دوورخستووەتەوە و لە ڕاستیدا بووەتە هۆی لاوازکردنی باوەڕ بەخۆبوونی ژنان و کەمبوونەوەی شارەزا ژنەکان لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی وڵات، بە شێوەیەک کە ئەم ئامادە نەبوونەی رای گشتی دەتوانرێت تا رێژەیەک بە چەسپاو لەگەڵ واقیعەکان دابنرێت».

یەکێکی تر بە ناوی (ئارەش ئێرانی) نوسیویەتی «یاساکانی ئێران لەسەر بنەمای یاسا ئیسلامییەکانە. لە ئیسلامدا ژن رێگەی پێنەدراوە لە سـەروو پیاوەوە بێت، ژن رەگەزی دووەمـە. شایەتیی دوو ژن بەرامبەر بە یەک پیاوە، ژن ناتوانێت فەرمان بە پیاو بکات و ژن نیوەی پیاوە، میراتی نیوەی پیاو بە ژن دەگات و ژن لەرووی عەقڵەوە لاوازە، بەپێی ئەم وەسفکردنانە ژن چۆن دەتوانێت لە وڵاتێکی ئیسلامی ببێتە رابەر یان سەرۆک کۆمار؟»

(سیسمین لوری) یەکێکی تر لەوانەیە کە لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا نوسیویەتی «گرفتی ئێستا بوونی رژێمی کۆماری ئیسلامی و یاسا دواکەوتووە ئیسلامییەکانە، تا ئەم سیستمە هەبێت هیچ گۆڕانێک لە کۆمەڵگەدا بۆ ژنان و کەمایەتییە ئایینییەکان و ...هتد روونادات».

## • کام ژنانە دەتوانن لە فلتەری ئەنجومەنی پاراستنی ئێران تێپەڕن؟

ژمارەیەکی تر کە لە ڕاپرسییەکەی ئەو ماڵپەڕەدا بەشداریان کـردووە ئاماژەیان بە ئەوە کـردووە، کە ئەگەر ژنێک لە

سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بتوانێت لە فلتەری ئەنجومەنی پاراستن تێپەڕێت و ببێت بە سەرۆک کۆمار، بە دڵنیاییەوە ژنێک نابێت کە بتوانێت یاساکان بەپێی میکانیزمی دیموکراسی بگۆڕێت.

(موکری) لەو بارەیەوە نوسیویەتی «بە دڵنیاییەوە کاندیدێک کە لە فلتەری ئەنجومەنی پاراستن تێپەڕێت، پێویستە بە توندی پابەندی یاسا شەرعییەکانی ئیسلام بێت. ئەو یاسایانەی کە بەشێکی زۆریان بوونە هۆی نایەکسانیی ڕەگەزی لە ئێران و وڵاتانی تری ناوچەکە. لێرەدا بەو ئەنجامە دەگەین، کە ئەگەر گریمانەی سەرۆک کۆمارێکی ژن لە داهاتوودا بکەین، بە ئەگەری زۆر لەو ژنانە دەبێت، کە نمونەیان لە ئەنجومەن بینراون و لە ریزی یەکەم و لە پێش پیاوەکانیشەوە دژی ئەو پێشنیارانە وەستاونەوە کە ئاماژەن بۆ یەکسانی ژن و پیاو، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی لەگەڵ یاسا ئیسلامییەکان ناکۆکن. ئەو ژنانەی کە چەندین جار بەرگرییان لە یاساکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەوانە فرە هاوسەری کردووە».

یەکێکی تر بە ناوی (فەریبا حەقوەردی) نوسیویەتی «ئەگەر کۆمەڵگە ئامادەیی هەبێت، یان نەخێر بە بۆچوونی من جیاوازییەک لە دۆخی ژناندا ڕوونادات. ژنێک کە بۆ سەرۆک کۆماری پەسەند بکرێت، بە دڵنیاییەوە پێویستە کەسێک بێت، کە بە توندی پابەندی فەرمانە قورئانییەکانە».

## • کۆمەڵگە بە قورسی بەڕێوەبەری ژنانیش پەسەند دەکات

ژمارەیەکی تر لە بەشداربووان پەسەندکردنی سەرۆک کۆمارێکی ژن بە تێپەڕین لە بابەتە سیاسییەکان دەخەنە ژێر پرسیارەوە، لەوانە کەسێک بە ناوی (الی شوکو) نوسیویەتی «بە بۆچوونی من ژنێک ناتوانێت بەڕێوەبردنی ئێران بگرێتەدەست و هۆکارەکەشی ئامادەنەبوونی کۆمەڵگەیە. نمونەی سادەش ئەوەیە، کە لە پلەی سەرۆکدا کۆمپانیایەکیش بە دژواری پیاوان، ژنان پەسەند دەکەن. لەو ژنانەی کە هەلێکی کەمیان لەم سیستمەدا بۆ رەخسا، کە چالاک بن وەک (فایزە هاشمی) کە دواتر چی لەلایەن چینی مەزهەبی و چی لەلایەن بەناو ڕۆشنبیرەکانەوە خرایە پەراوێزەوە».

هەروەها (شیرین ئەمینی) نوسیویەتی «ئێران بۆ پەسەندکردنی ژن وەک سەرۆک کۆمار ئامادەیی نییە. هێشتا ژنان نەگەیشتوونە پێگەی گونجاو. هەندێک لە شارەکان بۆ نوێنەرایەتی لە ئەنجومەن پیاوان لە ژنان بە باشتر دەزانن».

## • کۆمەڵگەیەك کە خوازیارە و ژنانێك کە دەتوانن

وەڵامی سەرجەم بەشدار بووەکان نەرێنی نەبووە. کەسانێک پێیانوایە کۆمەڵگەی ئێران ئامادەیی ئەوەی هەیە سەرۆک کۆمارێکی ژن پەسەند بکات و ژنانیش ئامادەییان بۆ ئەو پۆستە هەیە.

لەوانە (ئەمیر حسێن زەمان) پێیوایە، کە «رای گشتیی ئێران عەوداڵی یەکسانی ڕەگەزی و نەتەوەییە، لەبەرئەوە سەرۆک کۆمارێکی ژن دەتوانێت ببێتە هۆی دروستبوونی مەیل بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان و بە بڕوای من مەبەست لەم بابەتەش ئەوە بووە».

(قەنبەر عەلی ئێف) لەوبارەیەوە نوسیویەتی «لە ساڵی 1997ـەوە هەڵبژاردنەکانی هاوڵاتیانی ئێران نیشانیداوە، کە پێشوازی لە چەمک و ئەزمونە نوێیەکان دەکەن، لەبەرئەوە پێموایە رای گشتیی ئێران پێشوازی لە کاندیدی ژن دەکات. ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا یەکەمیش نەبێت بە دڵنیاییەوە دەنگی زۆر دێنێت.»

هەروەها (قەنبەر) پێیوایە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارێکی ژن دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ زیاترکردنی باوەڕ بەخۆبوونی ژنان و دەرچوون لە چوارچێوەی ماڵەوە و چوونە ناو بوارە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

(مەهدی ئەسکەندەری) خوێندکاری یاسا ئاماژەی بە ئەوە کردووە، کە «ئەمڕۆ هاوڵاتیانی ئێران بە ئەگەری زۆر هەموو شتێکی پێچەوانەی دابونەریت پەسەند دەکات، چونکە بە دوای جۆراوجۆریەوەن. ئەم جۆراوجۆرییە پەیوەندی بە ڕەگەز و هیچ شتێکی ترەوە نییە.»